12
دوا لاپەڕە
میدیا
خاوەنی ئیمتیاز
غەفوور مەخمووری
سەرنووسەر
ئاکۆ محەممەد
میدیا لەئینتەرنێت دا
www.yndk.com
پۆستی ئەلکترۆنی
yndkm@yahoo.com
پەیوەندی کردن بەفاکس لەگەڵماندا
لەڕێگەی (نووسینگەی هەولێری
سەنتەری سەفێن)ەوە دەبێت، بەو ژمارەیە :
Fax: : 0044 706 993 3333
هەولێر/ شەقامی شەستی / نزیك ئاسایشی گشتی
بارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK
ت (٢٢٢٣٦٧٥)
پیت چنین و نەخشەسازی کۆمپیوتەری دەریا
صحيفة اسبوعية تصدر عن الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني
جگە لەسەروتار، ئەو وتارانەی لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاو دەبنەوە، دەربڕی بیروڕای نووسەرەکانەو میدیا لێیان بەرپرسیار نییە

ڕوو بەڕوو لەگەڵ ڕۆشنبیراندا — **دەرهێنەری سینەمایی هونەر سەلیم:**

لەفیستیڤاڵی ڤینسیادا ڕەفزم کرد پێمبڵێن عێراقی

هونەر سەلیم لەدایکبووی شاری ئاکرێیەو نیشتەجێی فەرەنسایە. لەمانگی ڕابردوودا بەسەردان گەڕاوە کوردستان و فلیمەکەی (قۆدکالیمۆن) کە لەنێو کوردانی ئەرمەنستان وێنەگیراوەو لەساڵی ٢٠٠٣ کە لەفیستیڤالی ڤینسیا خەڵاتی باشترین فیلمی پێ بەخشراوە، لەکوردستاندا نمایش کرا، لەدەرفەتێکدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارانەمان کردەوە:

*** بەڕای تۆ سینەمای کوردی بوونی هەیە؟**
– من حەزدەکەم بوونی هەبێت. مادام چەند کەسێك هەنە فیلم دروستدەکەن و کوردن و بابەتەکانیان کوردییە دەتوانین بڵێین سینەمایەکی کوردییە، لەهەمانکاتدا پێچەوانەکەشی ڕاستە کە سینەمای کوردی بەچوار پێنج فیلم دروست نابێت، ئەگەر بازاڕی نەبێت، میللەت خۆی فەرهەنگی سینەمایی نەبێت و حەزی لەسینەما نەبێت، ئەگەر پیشەسازی لەکوردستان نەبێت زەحمەتە بڵێین سینەمامان هەیە، بەڵام خەریکەو تۆوێك چێندراوە، هیوادارین بەر بگرێت و خونچەکان گەورە بن.

*** سینەما بۆ میللەتێکی بندەست و پارچەکراوی وەك کورد چەندە پێویستە؟**
– بەقەد ئازادی.

*** بێلماز گۆنای چی بۆ سینەمای کوردی کردو، چ پێناسێکی هەیە لای تۆ؟**
– بێلماز گۆنای پێش هەموو شتێك ئەکتەرێکی زۆر ناسراو بوو لەتورکیا، دوای ئەوە دەستیکرد بەفیلم دروستکردن، پیاوێکی چەپڕەو بوو، زێدەتر ئینتەرناسیونالیست بوو دوایی هێدی هێدی بووە مرۆڤێکی واقعیانە، هیچ جار ئینکاری کوردبوونی خۆی نەکردووە، بەڵام دوو فیلمی بابەتەکانی کوردییەو باسی کورد دەکەن، پێش مردنی حەزی دەکرد شتێك بکات بۆ کورد، بەداخەوە مردن ڕێگەی نەدا.

*** بیروڕات چییە سەبارەت بەکارەکانی بەهەمەنی قوبادی و مەهدی ئومێد و جانۆ ڕۆژبەیانی؟**
.....

*** پاریس چ جۆرە دڵگەرمییەکی بۆ کاری هونەری پێبەخشیوی؟**
– سینەما هونەرێکە وەك دەنگبێژی، ڕۆماننوسین، ڕەنگە شارێکی گەورە یان فەوزەوی یان شاخێك یان سەحرایەك ڕوحێك ببەخشێ پێت، ئەگەرچی شارەکە چەند دەوڵەمەندیش بێت بەشی ئەوە ناکات کە مرۆڤ هەڵبژێرێت و هانبدات بۆ کاری سینەمایی.

*** لەچەند فیستیڤاڵێك ئەوەت ڕەتکردبووەوە کەفیلمەکانت بەفیلمی عێراقی نیشانبدرێن، بەبڕوای تۆ فیدرالی پێناسی کوردستانیبوون بۆ فیلمەکانت دابین دەکات؟**
– لەفیستیڤاڵی ڤینیسیا کەنزیکەی هەزار ڕۆژنامەنووسی جیهانی تێدا ئامادەبوو، من ڕەفزم کرد کە بەمن بڵێن عێراقی، چونکە وتم عێراق هەتاوەکو ئێستا هەر ڕاومان دەنێ و ئەنفالمان دەکات، کاتێك عێراق داوای لێبووردنی کردو ڕێزی لەکەرامەتی مرۆڤ و ڕێزی لەنیشتمانی کورد گرت و داوای لێبوردنی لەگەڵ کوردستان کرد ئەوکاتە دەتوانین ببوورین، بەڵام نابێ لەبیری بکەین. من بەدرێژایی تەمەنی خۆم ئەوەی لەعێراقم بینیوە هەر قوربەسەری بووە، من کەسێکی ماسۆشیست نیم حەز بەئازاردانی خەڵك بکەم، من کەرامەتی مرۆڤ دەپارێزم، بۆیە قەت قبوڵناکەم وڵاتێك دەستدرێژی لەگەڵی من و هەر مرۆڤێکی دیکە بکات. هیچ خێرێکم بۆ کورد لەعێراق نەبینیوە، بۆیە حەز ناکەم هاووڵاتی وڵاتێکی وابم.

*** ڕاستە دەڵێن بەهۆی تێکشکانی خۆشەویستیت لەگەڵ کچێکی ئەرمەنستان ڕووتکردە سینەما؟**
– نەخێر وانییە، هەندێك جار قسەی وادەکرێ سەت لەسەت وانییە.

*** سەربەخۆیی کوردستان تاچەند خاڵێکی نێوەڕۆك و ئامانجی کارە هونەریەکانتە؟**
– ئازادیو نرخدانان بۆ مرۆڤی کورد بۆ من یەکەم مەرجی ژیانە.

*** بەنیاز نیت بەیەکجاری بگەڕێیەوە کوردستان؟**
– من هەمیشە خەون بەکوردستانەوە دەبینم، من بەعەقل و هەست و دڵی خۆم هەمیشە لەکوردستان بوومەو لەکوردستان ژیاوم، کوردستان نیشتمانی منە.

*** دواوتەت؟**
– دەبێ مرۆڤی کورد سەربەست بژیت، لەبواری کۆمەڵایەتیو سیاسی و، خۆی چارەنووسی خۆی دیاریبکات لەهەموو بوارێکدا. هیوادارم لەبواری کۆمەڵایەتیشدا زوو پێشکەوین، دەبێ بزانین کەزەمەن زوو دەڕوات و دەبێ زوو شەو و ڕۆژ کار بکەین بۆ پێشکەوتنی خۆمان و، سەرکەوتوبێت میللەتی کوردستان.

نەبەزگۆران

دوای سانسۆر

کوردی کۆیلەو کوردی جێگر

باشترە بەر لەهەموو شتێ بڵێم، ئێمە میللەتێکین سەرکردەی وامان هەیە مەوقیفی نەتەوەیی و نیشتمانی لەپلەی سفردایە، نەك هەر ئەم جارە بەڵکو هەر بەبێدەنگی هێنایانە تا ئەم حاڵەتە.

دوو حزبیشمان هەیە ئەوەی دوژمن و بێگانەکان پێیان نەکرا ئەمان کردیان، دە ساڵە هەموو دنیا بوو بەتکاو ڕجایان تایەك بگرنەوەو یەکێکیان ببێتە جێگری ئەویتریان کەچی ڕۆحیان بۆ یەکتری ئەوەندە گەورەبوو قبوڵیان نەکرد. بەڵام بەچەپڵەو پێکەنینەوە ئامادەن وەك برا بچووك ببنە جێگری عەگال.

ئاخر من نازانم دوو ساڵ دانیشتن لەمەجلیسی خزمان چ مەعنایەکی بە کورد بەخشی؟!. کاتێك ئەتان زانی دواجار ئەکەونە بەر تەعریبی ماریزنزو عروبەوە چیتان دابوو لەهاوپەیمانی جەنابی هاوپەیمانەکان.

ئەگەر بڕیار بێ کۆتایی هەموو شۆڕشێك ئەوە بێ ئێوە دوو کەستان ببنە جێگر ئیتر بۆچی کاتی خۆی قبوڵتان نەکردو ئەم هەموو کوڕە جوانانەتان دا بەکوشت و ماڵی خەڵکیتان وێرانکرد، وەختێك ئەتان زانی شەڕی ئێمە لەسەر کەرکوکەو ئێستە ئێوە لەدەستان داوە. چیتان دابوو لەبەرزکردنەوەی هوتافی زل زل و تەفرەدانی خەڵکی کە گوایە ئێوە مافی کورد وەرئەگرن. کێ هەیە بتوانێ بڵێ ئەوەی وەرتان گرتووە مافی کوردە؟ ئێمە جێگریمان ناوێ ئەو پۆستانە بۆ خۆتان!!.

ئەی ئەگەر خۆتان هیچتان پێ نەئەکراو نەتان ئەتوانی شتێك بەدەست بهێنن سەیرێکی خواری خۆتان بکردایەو گوێتان بۆ شەقامی کوردی بگرتایە، دوای لەدەستدانی هەموو شتەکان تازە باسی هەڵوێستم بۆ دەکەن کە نەتان بوو!!. بیرتان چوو لەهەموو گوتارەکانتان باسی بەعێراقی بوونی ئێمەتان دەکرد،.. بمان بوورن سەرکردە کوردەکانی مەجلیسی خزمان. ئەگەر هەمووتان بچنە ناو ئەو مەجلیسەشەوە ناتوانن ئێمە بکەن بەعێراقی، لەوێ هەمووشتێکتان قبوڵ کردو ئیمزاتان کرد. کەچی هاتوونەتەوە دەتانەوێ لەڕێگەی خزم و موەزەفەکانی حزبتانەوە هەڵوێستی خۆتان چاك بکەنەوە وەك ئەوەی ئێمە بێ خەبەرین و نەمان زانیبێ چی ڕوویداوە!!.

لەوانەیە وەرگرتنی ئەو سێ پارێزگایە دەسکەوتێکی گەورە بێ بۆ ئێوە وەڵ ببورن. من دەمزانی هەرچۆن بەسیانزە ساڵ نەتان توانی کارەبای شارێك چاك کەن، دڵنیاش بووم لەوەی دواجار بەدەستی خاڵی ئەگەڕێنەوە..

باوەڕیشم وایە بەس دووکان و پیرمامتان لێ نەسێننەوە گرنگ نییە بەلاتانەوە دەموچاوی سلێمانیو دهۆکیش وەرگێڕنە سەر ڕووخساری بەسرە.

سەرۆکی پارتی چارەسەری بریندار دەبێ

پ.سلێمانی/ ڕۆژی ٢٠٠٤/٦/٨ د.فایەق گولپی سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەڕێگەی چوونە مزگەوت دا، بەمەبەستی بەشداریکردن لەپرسەی خوالێخۆشبوو (دارۆی شێخ نوری)ی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، ئۆتۆمبیلەکەی وەرگەڕاو لەئەنجامدا هەندێ ئەزیەتی جەستەیی بە د.فایەق گەیشت و داخیلی نەخۆشخانە کراو تا ئامادەکردنی ئەو هەواڵە هێشتا لە نەخۆشخانەدا بوو.

ماستەر نامەیەك لەسەر تازەگەریی پەشێو

پ. میدیا/ ڕۆژی ٢٠٠٤/٦/٩ لەهۆڵی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین، گفتوگۆ لەسەر ماستەرنامەی شەرمین ئیبراهیم عەزیز کرا کە ناونیشانەکەی (پەشێو و تازەکردنەوە لەشیعری کوردیدا) بوو، ئەو ماستەرنامەیە کە لەژێر سەرپەرشتی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دوکتۆر عەبدوڵلا حەداد دا ئامادەکرابوو دوای گفتوگۆیەکی گەرم لیژنەی گفتوگۆ بەسەرۆکایەتی پ. د.شوکرییە ڕەسوڵ و ئەندامێتی د.فەرهاد پیربال و د.هیمداد حوسێن ماستەرنامەکەی پەسەند کرد.

شایانی باسە شەرمین ئیبراهیم یاریدەدەری توێژەرە لەبەشی کوردی کۆلیژی پەروەردەو پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی بەشی کوردی هەمان کۆلیژدا بەدەستهێناوە.

نانسی عەجرەم کچە یان ژنە؟

لەم ڕۆژانەی دواییدا گفتوگۆیەکی توند لەنێوان نووسەری نێودارى میسری موفید فەوزیو تەیسیر عەبدوڵلای ڕۆژنامەڤان لەگۆڤاری (بروق)ی قەتەری دا هاتە ئاراوە، کاتێك کە موفید فەوزی لەبەرنامەی لەلەفزیۆنییەکەیدا (هالە شو)، نانسی عەجرەمی بەژن ناو دەهێناو تەیسیر عەبدوڵلا بەتەلەفۆن پێیگوتبوو تۆ چۆن دەزانی ژنەو کچ نییە لەکاتێکدا نانسی عەجرەم سەدان جار ڕایگەیاندووە کە تاوەکو ئێستا مێردی نەکردووە، موفید فەوزیش لەوەڵامدا پێیگوتبوو ئەرێ وەڵا ژنەو ژنیشە. دواتر ئەو ڕەخنەو ڕەخنەکارییە کەوتە سەر کاغەزیش. تەیسیر عەبدوڵلا لەوتارێکیدا بەموفید فەوزی دەڵێ: (نابێ ڕێگە بەخۆت بدەی باس لەناموس و شەرەفی خەڵکی بکەی بەتایبەتی کچێکی نەشمیلی ٢٠ ساڵی وەك نانسی عەجرەم، کە هونەرمەندەو.. . نییە!!). عەرەبەکان تەیسیر عەبدوڵلا دەڵێ ئەو دژایەتییە میسرییە بەرامبەر هونەرمەندە لوبنانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ پاشەکشەکردنی هونەرمەندە میسرییەکان لەبەرامبەر سەرکەوتنی لوبنانییەکاندا.

بەهۆی بانگهێشت کردنی باڵیۆزی عیراق وهەڵدانی نالاکەی

ژمارەیەکی زۆر کەم لە کوردەکانی کەنەدا بەشداری ئاهەنگی یەکێتی دەکەن

میدیا/ئۆتاوا ڕۆژی ٢٠٠٤/٦/٦
ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەکەنەدا بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتییەوە ئاهەنگێکی لەشاری ئۆتاوادا ساز کرد بەڵام بەهۆی بانگهێشت کردنی باڵیۆزی عێراقو هەڵدانی ئالای عێراق کوردەکان وەك ناڕەزایی دەربڕینێك تەنیا ٤٠ کەسێك بەشداری ئاهەنگەکەیان کرد. شایانی باسە کە نزیکەی دوو هەزار کورد لە پایتەختی کەنەدا دەژین..

سیمینارێك بۆ پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئۆسلۆ

ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی فەرهەنگ و هەل و مەرجی فرە نەتەوەکانی جیهانی، ڕێکخراوێکە لەلایەن ئەندامانی پارتی سۆسیالیستی چەپی نەرویجی پێك هاتووەو هەروەها لەلایەن ئەو پارتەوە پشتیوانی مادی دەکرێت، ئەو ڕێکخراوە ١٥ ڕۆژ جارێك سیمینارێك لەژێر ناوی دانیشتنێکی سۆسیالی جیهانی بۆ وڵاتێك یا کەسایەتیەکی بێگانە لەنەرویژ پێك دێنن.

بەرنامەی ئەمڕۆیان تایبەت بوو بەژیانی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەعێراق و کوردستان و تورکیا و وڵاتانی دیکە، بەشی یەکەمی سیمینارەکە لەلایەن عارف باوەجانی بەڕێوەچوو، پاش باسێکی زۆر بەزمانی نەرویژی لەسەر ژیانی پەنابەرانی ئۆردوگاکانی ئەڵتاش، ئەلکەرامە و شێرەوەن لەلایەن عارف باوەجانی پێشکەش کرا، بەشی دووەمی فیلمێکی ٢٠ خوولەکی لەسەر ژیانی پەنابەرانی ئەڵتاش پێشان درا کە سەرنجی هەموو بەشدارانی ڕاکێشا. بەشی سێیەمی بەرنامەکە باسێك بوو لەسەر کێشەی پەنابەرانی کورد بەگشتی لەنەرویژ لەلایەن (مورتەن تیە سم) بەڕپرسی بەشی پەنابەرانی کوردی لەڕێکخراوی پشتیوانی پەنابەرانی نەرویژی. بەشی چوارەم تەرخان کرابوو، بۆ پرسیاری بەشداران کە لەلایەن عارف باوەجانیو مورتێن تیەسم وەڵام دەدرانەوە.

لەو بەرنامەدا ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی فەرهەنگ و هەل و مەرجی فرە نەتەوەکانی جیهان، بڕیاری دەستپێکردنی کەمپینێکی یارمەتی کۆکردنەوەی بۆ پەنابەرانی شێرەوەن دا، بەرنامەکە کاتژمێر ١٧ پاشنیوەڕۆ، بەسەرکەوتووی کۆتایی پێ هات.

لەنامەد

٢٨ هەزار منداڵ لەکۆڵان و شەقامەکان کار دەکەن و ٣٤ منداڵیش لەساڵی ڕابردوودا خۆیان کوشتووە

کۆمسیۆنی مافی منداڵانی سەر بەلقی نامەد (دیاربەکر)ی کۆمەڵەی مافی مرۆڤان ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٣ی خۆی لەسەرەتای ئەو مانگەدا بڵاوکردەوە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە کە لەلایەن موحەرەم ئاربای دا لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا خوێندرایەوە، لەساڵی ڕابردوودا ٣٤ منداڵ خۆیان کوشتووەو ١٢ی دیکەش ویستویانە خۆیان بکوژن لەهەرێمی نامەد، هەروەها ٧ منداڵ بەهۆی مینەوە گیانیان لەدەستداوەو ٢١ منداڵی دیکەش بریندار بوونەو ١٠٢ منداڵ زیندانیکراون کە ٤٠ یان ئەشکەنجەدراون.

هەروەها بەپێی هەمان ڕاپۆرت ٢٨ هەزار منداڵ لەسەر شەقام و لەنێو کوچەو کۆڵانەکانی شاری نامەدو دەوروبەریدا کار دەکەن.

مارگریت تاتچەر:

چارەسەری عێراق پارچەبوونە

ئەوەی خوارەوە دەقی لێدوانێکی مارگرێت تاتچەرە کە لە ١٣-١٩٩٦/٣/١٤ بەئامادەبوونی سەرۆکی ٣٠ دەوڵەت، کە ١٣ یان عەرەببوون ڕایگەیاند و، مارگرێت تاتچەریش ئەوکات سەرۆك وەزیری بەریتانیا بوو:

(عێراق بەحاڵەتێکی ڕیزپەڕ دادەنرێ لەجیهانی عەرەبیدا لەڕووی دابەشبوونی لەسەر بنچینەیەکی ئیتنی (عەرەب- کورد) لەلایەك و لەسەر بنچینەی ئایینی (سوننە- شیعە) لەلایێکی دیکە، ڕەنگە ڕەوشی سودان لەو ڕووەوە لەعێراق نزیکبێ هەر چەندە کە جیاوازییە ئیتنیو ئایینییەکان لەوێ توندترن، کێشەی عێراق وەك کێشەی یوگسلافیای پێشووە لەڕووی ژمارەی نەتەوەکانیو پێکهاتە لاوازو لەرزۆکەکانی، ئەنجامیش ئەوەبوو کە دەوڵەتی یوگسلافیا کە لەسەر بنچینەیەکی هەڵە دامەزرابوو بەردەوام نەبوو، بۆیە پارچە بوو و لێکهەڵوەشاو بوو بە چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی و ئایینی.

عێراقیش بەهەمان شێوە دەوڵەتێکی دەستکردەو پێویستە چاوی پێدابخشێنرێتەوە وەك دەوڵەتێك و دەبێ پارچە ببێو دابەشببێ هەروەك یوگسلافیا چەند دەوڵەتێکی لێدروست ببن، هەر تەنیا ئەو کاتیش گەلانی عێراق دەتوانن بەئاشتی بژین و هەست بەسەقامگیری بکەن).

لەنیستەمبول

ڕەگەز پەرستانی تورك دژی پەخشی کوردی خۆنیشاندان دەکەن و هەڕەشە لە هولیا ئەفشار و تاتلیسەس دەکەن

کۆمەڵەی لاوانی سەر بەحیزبی ڕەگەز پەرستی MHP ڕۆژی ٢٠٠٤/٦/٤، کە هاوکاتبوو لەگەڵ یەکەمین پەخشی تەلەفزیۆنی بەزمانی کوردی لەتورکیا، خۆ نیشاندانێکی نارەزاییان سازکردو لافیتەو پلانکارتی دژی پەخشکردنی بەزمانی کورداییان بەرزکردبووەوەو دروشمی توندیان دژی ئەردۆغان دەگوتەوە وەك: (ئێرە تورکیایە یان حەزی لێبکە یان بەجێبێڵەو بڕۆ)، (تەیب ئەردۆغان سەرۆك وەزیری کوردستان)، (تەیب و ئاپۆ هەردوو دەستبدەنە یەك و هەردووکیشیان پێشمەرگەنە). هەروەها هەڕەشەیان لەو هونەرمەندە بەرەگەز کوردانە کرد کە دەستیانکردووە بەگوتنی گۆرانی کوردی.

یوکسەل کالەجی سەرۆکی کۆمەڵەی لاوانی MHP لەو بارەوە گوتی: (دوای ئەوەی TRT دەستی بەپەخشی کوردی کرد هەندێ هونەرمەند ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا کردو دەستیان کرد بەدڵداری کردن لەگەڵ پەخشی کوردیدا. بەتایبەتی ئیبراهیم تاتلیسەس و سەزەن ئاکسویو هولیا ئافشار و نیلوفەر کە لەو ڕۆژانەی دواییدا بەشداری ئەو پەخش و پیلانە دەکەن و بۆ ئالای کوردی هەوڵدەدەن، لەو بارەوە هوشدارییان دەدەینێ).

شەڕە قۆندرە نوێژی هەینی لەنەجەف تێکدا

بەهۆی ئەو شەڕە بەردو قۆندرەیەی ڕۆژی هەینی ٢٠٠٤/٦/١١ لەنێوان لایەنگرانی موقتەداسەدرو لایەنگرانی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق لەناو مزگەوتی ئیمامی عەلی لەنەجەف ڕوویدا لەوکاتەیدا کەشێخ سەدرەدین قوبانچی خەریکی دابەستنی نوێژی هەینی بوو، لەئەنجامدا باقر قوبانچی برای سەدرەدین قوبانچیو نوێنەری ئەنجوومەنی باڵای شۆڕش لەنەجەف سەری شکاو گەیێندرا نەخۆشخانە، بەو هۆیەوە دەستبەجێ لەلایەن پیاوانی ئایینی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامییەوە داوا لەخەڵك کرا بڵاوەی لێبکەن، بەو شێوەیە ئەو ڕۆژە نوێژی هەینی نەکرا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com